# كوشتنی دوعا و پیلانی ئەبو جەهل!!

**نوری بێخاڵی**

پێم وایە ئەو رەفتارە هۆڤیانەی دەرهەق بە (دوعا)کرا لە کوشتن وێوەترە و رەنگە پێناسەکردن و ناوانی ئاسان نەبێت، ئاخر کوردەواری دەڵێ سەگ بە سەگایەتی خۆی چەندە هاریش بێت ناچێتە گیانی ئافرەت، جا بێننە بەرچاوتان ئاسکێك بەو ناسکییەی خۆی بدرێتە بەر بلۆك و سەری ئەنجن ئەنجن بکرێ، بۆیەشە ئەو رەفتارە هەموو سنوورەکانی دڕندەیی بەزاند و رووی هەرچی دڕ و جانەوەر هەیە سپی کردەوە، ئەوانەی ئەو کارەیان بەرامبەر ئەو کچە کرد لە هەستی ئاژەڵیش بەدوورترن وەك لە مرۆڤی تاوانکار. بەڕاست بۆ میدیای کوردی متەقی لێوەنەهات؟ لە کاتێکدا سەربڕینی ژنێك لەلایەن پیاوە توندڕۆکەی زۆر لەوە سادەتر بوو، ئێ ئەو یەك جار چەقۆی نا بە گەردنی ژنەکەی و بواری ئاوزینگیشی نەدا، کەچی ئەوانەی ئەو تاوانەیان دەرهەق بەو کچە کرد لە مێژوودا وێنەیان مەگەر لە هەندێ قۆناغی مرۆڤایەتی و لە چاخە تاریکەکاندا هەبێت.

بێننە بەرچاوتان لاشەیەك بە زیندوویی لە سەربان فڕێ بدرێتە خوار و هێشتا ئیزرائیل مۆڵەتی رۆح کێشانی وەرنەگرتبێت و هەر هاوار و نزا و گریانی بێت کەس بە هاوارییەوە نەیەت، بەمەش دڵیان ئاو نەخواتەوە و سەر و دەم و چاو و جەستەی بە پێ بپلیشێنرێتەوە و هەر بەوە نەوەستن و چاویان بەرایی نەدا کە رۆح نادا، ئیدی بە بلۆکێك سەری جوانی پڕ خەون و خەیاڵی مرۆییانەی لەگەڵ شەقامدا پان بکەنەوە و لەوەش زیاتر دوای مردن و گیان لە دەست دانیشی بە بەرد و بلۆك بکەونە گیانی.

نایشارمەوە کە ئەو دیمەنەم دی نەك هەر ئەو سۆزەی جارانم بۆ ئێزیدییەکان نەما، بگرە گومانی ئەوەشم لا نەما کە جگە لەوەی خەڵك و بینەرانی رووداوەکە (کە هەموویان بکەری کارای تراژیدیاکە بوون) ویژدانیان مردووە، هاوکات زانیم ئیتر دەسەڵات و یاسا و بەهای مرۆبوون لەو وڵاتە باریکردووە، وڵاتێکە گۆڕەپانێکی کراوەی سوکایەتیکردن بە بەهای مرۆڤ و سەرووەری یاسا و دادوەریی، ئاخر بەیاننامەیەکی نوسراوی پرۆتستۆکردن بارتەقای رەتکردنەوەی ئەو کردەیە نایەت. من لە شوێنی وەزیری مافی مرۆڤ و داد بوام دوای ئەوە دەستم لە کار دەکێشایەوە، لە شوێنی رێکخراو و کۆمەڵە بەناو بەرگریکارەکانی مافی ئافرت بوام تا هەتایە رووی خۆم بەتەنی سواخ دەدا و زاتی ئەوەم نەدەکرد جارێکی تر لە سەکۆیان بیمە دەم راستی ژنان، لە شوێن رێکخراو و سەندیکا بەناو مەدەنییەکان بوام بارگەی ریسوایی و دەستەپاچەیی خۆم دەپێچایەوە و کوێ دووری ئەو جوگرافیایە سەرم بۆی هەڵدەگرت. ئەگەر بەراستی لەم وڵاتە یاسا هەبێت، دەبێ هەموو ئەوانەی لەو مەیدانی حەشری ئەنجنکردنی کەنیشکەیەك بوون سوك و چروك بکرێن و بکرێنە گاڵتەجاڕ و پەندی کوچە و کۆڵانان، ئەگەر شێخی ئێزیدیان زەرەیەك ویژدان و جوامێری هەبێت دەبێ لەو شوێنەدا چاڵ بۆ ئەو هێز و عەقڵیەتە کوێرە هەڵبکەنێ، چون ئەو رۆحە شەیتانی و عەقڵە دۆزەخییەی داڕێژەر و جێبەجێکاری ئەو دڕندەییە بوو، رێك پیلانی نەگریسی ئەبو جەهلمان بیر دەخاتەوە، ئەوان بە بەشداری هەر دوو کەس لە تیرەیەك بۆ ئەو شەرمەزارییە، وەك ئەوەی زبارەی کارێکیان کردبێت نیشانی ئێمەیان دا، کە مرۆڤ چەندە دڕندەیە.

بەڕاست لەو قارەمانەنە دەپرسم، کە دوێنی عەرەبێکی بەعسی شارۆچکە و دێهاتی ئەوانی تەعریب دەکرد غیرەتیان لە کوێ بوو؟ کە ئێستاشی لەگەڵ دابێت عەگالی سوور و دشداشەیان لەسەرە جوامێری ئەو مێژوویان لە کوێ بوو؟ ئەوان کەسان لە ئاست شەرەفی نیشتمانی و نەتەوەیی فزەیان بەرامبەر عەرەب نەهات و زۆری نەماوە زمانی خۆیشیان بدۆڕێنن، کامەیان بێ شەرەفییەکی گەورەترە، کچێکیان کە دڵخوازی عەربێکی موسڵمانی سوننە بووە، یان کە عروبە و تەبعیس ئابڕووی نەتەوەیی و نیشتمانی بردن؟ بەڕاست تۆ بڵێی جارێکی تر منەوەر و بیرمەند و رۆشنبیرانی سەنتەری لالەش رووی ئەوەیان هەبێت دەرگای بارەگاکەیان بکەنەوە و کۆنفرانسان ببەستن؟!